www.dengekan.com
23-10-2006

# پەخشانە شیعرێک لە کچێکی نامۆوە

**بەسۆز عەلی**
basozali@hotmail.com

بمنوسەوە، بمخەرە سەر تاشە بەردێک و وێنەم بکێشە، ئەز وەک دەریایەک خوێنم لێدەچۆڕێت،
ڕۆژو مانگ و ساڵ و سەعات دەژمێرم بۆ دیدەنیت، بۆ میوانداری کردنت،
تۆ ئەی کوڕی ئاسمان، خۆت خانە خوێی، ئیتر میوانداری منت بۆ چییە؟؟
ئەز بەشێکم لە تۆ، تۆش بەشێک لە هەموو شت، سیفاتی خوایی، مەردی، جوامێری.....

بمنوسەوە، ئەی دلۆڤانترین کوڕی ئەم سەرزەمینە، بمخەرە سەر گەڵای دارێک، من بەسەر چووم،هەرچەندە بیست بەهارە تەمەنم....
دڕەنگە، ئەزێکی تر لە دایک نابێت، بمنوسەوە بمخەرە ناو شانەیەک هەنگوینەوە با هەر بە شیرینی بمێنمەوە.

بمنوسەوە، هێندەی نەماوە کاڵ ببمەوەو، تەمەنی عەشقم بەسەرچوو، ژوان ناگەڕێتەوە تازە،
سەردەمێک هەموو شتە بەهاکان تێیدا بونە قوربانی،خۆشەویستی،عەشق بۆتە مەرەکەبی سەر کاغەز،
با لەناو دەفتەری یادگارییەکانتا سەرنەنێمەوە، بەڵکو لەسەر سنگی تۆ چاو لێکنێم،
من بەڕۆژ خەریکی خۆ کۆکردنەوەم و پارچە شکاوەکانی ڕۆحم بدۆزمەوە، بە شەویش خەریکی ڕشتنی فرمێسکم،

بمنوسەوە، ئەز تا دێ پیرتر و بێ حەوسەڵە دەبم.
بمنوسەوە، من ڕێبوارێکی گەلەک ماندوم،

بۆ هەردەبێ تۆ شیعر بە باڵای مندا بڵێیت و من نەتوانم پەخشانێک بۆ نیگای تۆ بنوسم
بۆ من دەبێ هەر دەم چاوم بە فرمێسک بێت و کە چی تۆ بۆ ساتێکیش بێت فرمێسک نەرژێت
بۆ هەر دەبێ من یەکسان بم لەگەل تۆ، کەچی تۆ هەرگیز نابیتە هاوشانی من..

بەیانیەک دێم و وەک هەنگێکی پڕ جیکەڵدانە بەشیلەی گوڵ هەڵتدەمژم،
بەیانیەک لەگەڵ بێداربونەوەتدا من دێمە ناو پێخەفەکەت و ڕستێک ماچ لەسەر گۆنات دەچێنم،
بەیانیەک کە دونیا تازە سنگی بۆ خۆر دەکاتەوە تۆ وەرەووقردێلەی سوخمەکانم بە وردە گاز پچڕێنە،
هەتا هێزت هەیە بمگوشە بە خۆتەوە،
بەیانیەک کە تۆ خەوتویت، دەخوازم بۆ دوا جار لە ناو پێخەفەکەتدا ماڵئاواییت لێ بکەم، بۆیە لێدەگەڕێم کە خەبەرت کەمەوە،
بەیانیەک، بەڵێ بەیانیەک دێم وتاڵێک لە موی سەرت دەدزم،
بەیانییەک کە دونیا هەمووی لە قولایی خەودایە، بە دزی خواوە ماچێک دەکەم لە لێوت...
چاوەڕوانتم کە تۆش بۆم بنوسیت نامەیەک تەڕ بێت بە فرمێسکی چاوت